## بڕوانامه و پسپۆڕی ... مافیەروەر: ئارام موحسین گەردی

aram_mmmm@yahoo. Com



لە کوردستان کارگەلی سەیر سەیر بەدی دەکرێت، کەهەمیشە مایەی سەرسوڕمانن.
دەمێکە ئالوودەی ئەوەم لەسەر شتێك بنووسم کە بڕوانامەو پسپۆڕیەتیە لی لەبەر سەرقاڵیم بەنووسی تر زوڵمم لەو بابەتە کردووە کە ڕەنگە ئەگەر ئێستا نەینووسم شکاتی ویژدانیم دەرحەق بکات.
ئەوە چونکە لە کوردستان زۆربەی قوتابیان بە ئارەزووی خۆیان ناچنە ئەو کۆلیژەی مەبەستیانە بۆیە لەکاتی دەرچوونیان حەزدەکەن پراکتیزەی ئارەزووەکانیان بکەنەوە کە هەردەم لەناخیان پەنگی خواردبۆوە.
فیزیك ناس کە دەبێتە وەزیری کاروباری داد وێدەچێت کاتی خۆی حەزی لە بڕوانامەی یاسا بووبێت و فرسەت ئەو بوارەی پێنەبەخشیبێت بەڵام کە فەرمانبەران و هاوڵاتیانی دادپەروەری تووشی زوڵمێکی یاسایی دەبن و فیزیك ناس ناتوانێت بەرگریان لێبکات ئەوەی خەتای ئەو نییە، بەڵکو گوناهی دەسەڵاتە.
داوەر کە دەبێتە هەڵسوڕێنەری کاروباری کشتوکاڵ، غەدرێکی گەورە دەرحەق بە کشتوکاڵناسان ئەنجام دەدرێت، بۆیە بە ئەنجامی ئەوە وەزیر تووشی کۆمەڵێك هەڵە دەبێت، کەلەوانەیە کشتوکاڵناسێك بە پسپۆڕیەتی خۆی ژیرتر مامەڵە بکات و تووشی نەیەت، ئاخر لە قوتوی چ عەتارێك یاساناس و بەرەنگاربوونەوەی نەخۆشی ئەنفلەوەنزای باڵندەیان گووتوە؟
دەگەڕێمەوەو دەڵێم ئەوەش خەتای مافیەروەرەکە نییە. حەتمەن حکومەت کەسی نەشیاوی لەشوێنی شیاو داناوە.
کە هەڵگری بڕوانامەی شەریعەو ئیسلام دەبێتە بەرپرسی پارەهەڵگرتن، حەتمەن دەبی هەمیشە چاوەڕێی ئەوە بکرێت کە ئابووری ئەو شوێنە لەلەرزین و تەتەڵەی مەرگ دابێت ئاخر هەڵئاوسانی بودجە کەی بە فتواو مینبەری مزگەوت چارەسەرکراوە.
ئادەمیزادی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە هەر پایەکی میری پێببەخشیت و ڕازی دەبێت سەرەڕای ئەوەی لە پسپۆڕیەتی ئەودا نەبێت، بۆیە گلەیی لەوە ناکرێت کە مەلا بەرپرسیاریەتی بانکی وەرگرتووە. دیسان پی بەسەر ئەوە دادەگرم کە حکومەت هەڵەیە.
کە کشتوکاڵ ناسێك بوارگەلی ڕۆشنبیری حکومەتێکی پێببەخشی، دەبی چاوەڕیی ئەوەشی لێبکەی کە هەندی جار ڕیقنە لە هێلکە جیانەکاتەوەو بەرهەمی مریشك وەکو کەڵەشێر نیشانبدات، ئەی ئەوە نییە لەسایەی ئەوەدا بووینە خاوەنی گەورەترین کتێبخانەی ناوازەی کوردی...
هەمدیسان بەبوێرییەوە دەبێژم حکومەت تۆمەتبارە. کە کوردەواری دەفەرموون ( (نان بۆ نانەوا و گۆشت بۆ قەساب) ) دیارە تەنیا پڕکردنەوەی ووتەکانی ژیان نەگووتراوە.
هیواداریـن لـە حکومەتی یەکگرتووی کوردستان، هێژا نێچیرڤان بارزانی ئەوە لەبەر چاو بگرێت.